**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٨٥٦٦ لە ٢٠٢٣/١١/٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣
## تایبەت بە موڵەتی کردنەوەی پەیمانگای ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشک

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە ودەستەواژانەوەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە :

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم: وەزیر :** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:**بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم (سۆران ، ڕاپەرین ، زاخۆ) .

**شەشەم: پەیمانگای تایبەت :** پەیمانگایەکی ڕاهێنان وشیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشکە کە لەلایەن کەرتی گشتی وتایبەت وخێرخوازیەوە دادەمەزرێت و بەڕێوەدەبرێت.

**حەوتەم: ڕاهێنان وشیاندن:** کۆمەڵێك لە بەرنامەی ئامادەکراوە بە مەبەستی باشترکردنی کارایی کەمئەندام وە سنووردارکردنی پەککەوتەیی ئەو کەسانەی بە کێشەی تەندروستی گرفتاردەبن لە کاتی هەڵس وکەوتیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا .

**ماددەی (٢): ئامانج**

دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆری کاتی وبەردەوام بۆ شیاندنەوەی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك بە مەبەستی تێکەڵکردنیان بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا .

**ماددەی (٣): وەزارەت هەڵدەستێت بە :**

**یەکەم :** کردنەوەی و بەڕێوەبردنی پەیمانگاکانی ڕاهێنان وشیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك لەسەر ئاستی هەرێم .

**دووەم:** پێدانی مۆڵەت بە کەسانی ئاسایی و مەعنەوی بۆ کردنەوەی پەیمانگای ڕاهێنان وشیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** وەزیر یان ئەو کەســەی دەســەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت، دەســەڵاتی پێدانی مۆڵەت کردنەوەی پەیمانگای تایبەت و سەندنەوەی هەیە .

**دووەم:** ماوەی مۆڵەت ( ١ ) یەك ساڵە و لەسەر داوای خاوەنەکەی نوێ دەکرێتەوە وە پێویستە بەلایەنی کەم پێش مانگێك لەسەر بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی داواکەی پێشکەش بکات .

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی لیژنەیەکی هونەری لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی وتەندروستی وپەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی چـاودێری کەمئەنـدامـان پێکـدەهێنێـت و لە بەڕێوەبەرایەتیەکـانی چـاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەمان لیژنە پێکدەهێنرێت ئەرکی:

١- دیراســەکردنی داواکـاری وەرگرتنی مۆڵـەتی کردنـەوەو نوێکردنەوەی پەیمـانگـای تـایبەت و بوونی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە .

٢- بەدواداچوون و چـاودێری کردنی پەیمـانگـاکـانی تـایبەت وهەڵســەنگـانـدنی ڕێرەوەی کـارەکـانیـان وبەرزکردنەوەی راسپاردەی پێویست دەربارەیاندا .

**چوارەم:** پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت بەمەبەستی رەزامەندی.

**ماددەی (٥): مەرجەکانی پێدانی موڵەت :**

**یەکەم: تایبەت بە داواکار:**

١- داواکار هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت لە یەکێك لە پسپۆڕیەکانی مرۆیی وشارەزایی هەبێت لە بواری کەمئەندام وخاوەن پێداویســتی تایبەت یان پابەند بوون بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێکی پســپۆڕ لەم بوارەدا .

٢- دانیشتوو یان نیشتەجێی هەرێم بێت .

٣- ناسراو بە رابردووی پاك وخورەوشتی باش .

٤- دید و بەرنامەی کاری پەیمانگا پێشکەش بکات .

٥- پلانی راهێنان وشیاندنی تایبەت بە پەیمانگاکە پێشکەش بکات .

٦- هەر مەرجێك کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەیان بەرێوەبەرایەتی بە پێویستی بزانێت .

**دووەم: تایبەت بە باڵەخانەی پەیمانگای تایبەت :**

١- شــوێنی جوگرافی گونجـاو بێـت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت لە نـاوچەیەك کە پێویســتی بە خزمەتگوزاری شیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەتی هەبێت .

٢- بـاڵەخـانەکە ســەربەخۆ بێـت وهـاوبەش نەبێـت لە ڕێرەو وخزمەتگوزاریەکـانی بـاڵەخـانەیەکی تر و رووبەرەکەی لە (٤٠٠م٢) کەمتر نەبێت و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت بکرێت بۆ راهێنان و شــیاندنەوەی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك .

٣- یاریگا وباخچەی گونجاوی هەبێت .

٤- دیوار و ڕێرەوەکانی چوونە ژوورەوە وهاتنە دەرەوە گونجاو بێت ئاســتەنگ بۆ جووڵەی کەم ئەندام دروست نەکات .

٥- لە کاتی بوونی پۆل رووبەرەکەی لە (٥×٤)م٢ کەمتر نەبێت .

٦- بوونی هۆڵی چالاکی وەرزشی کە رووبەرەکەی لە (١٠×٤)م٢ کەمتر نەبێت .

٧- پرسگە دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی باڵاخانەکە بێت .

٨- هەبوونی سیستەمی کامێرای چاودێریکردنی لە گشت بەشەکانی پەیمانگا .

٩- بوونی هەردوو جۆری ئاودەستی رۆژهەڵاتی ورۆژئاوایی تیایدا.

١٠- بوونی مەرجەکانی تەندروستی و دروستی لە باڵەخانەکە لەوانەش سیستەمی ساردی وگەرمی وهەواگۆرکێ و رووناکی .

١١- دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کە سەرجەم رووبەری باڵەخانەکەی بگرێتە خۆی .

١٢- بوونی دەروازەی فریاکەوتن .

**ماددەی (٦):ئەم برە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت لەبەرامبەر :**

**یەکەم:** بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت .

**دووەم:** بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی (٧):**

کرێی وەرگرتن وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان لە پەیمانگای تایبەت لەلایەن خاوەنەکەی پێشکەش دەکرێت و بە راسپاردەی لیژنەی هونەری دیاری دەکرێت بە رەزامەندی دەسەڵاتدەری مۆلەتدان ، لەسەر بنەمای جۆری باڵەخانەو ستاف وسەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە کەمئەندامەکە دەکرێت بەمەرجێك بارگرانیەکی زۆر نەکەوێتە سەر شانی خانەوادەکەی .

**ماددەی (٨):**

بەرێوەبەری گشتی و بەرێوەبەرایەتیەکان لە رێگای لیژنەی هونەری ، ساڵانە بەهەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگا تایبەتەکان بەکرێی وەرگرتن دادەچنەوە بە رەچاوکردنی باری ئابووری و خزمەتگوزاری پێشکەشکراو .

**ماددەی (٩):**

وەرگرتنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك بەبێ رەچاوکردنی تەمەن ورەگەز دەبێت و دواتر پۆلین دەکرێن بەپێی جۆری خزمەتگوزاری وتەمەن ورەگەز .

**ماددەی (١٠): ستاف ومەرجەکانی :**

**یەکەم:** بەرێوەبەری پەیمانگا پێویستە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند بێت و شارەزابێت لەم بوارە.

**دووەم:** کارمەندی پەیمانگای تایبەت بەپێی پێویستی کەیس و خزمەتگوزاریەکان دیاری دەکرێت بە مەرجی بوونی پسپۆری کۆمەڵایەتی و دەروونی وپزیشك ومامۆستا ودایەن وچاودێرو خزمەتگوزاری تری پێویست.

**سێیەم:** بەرێوەبەری پەیمانگای تایبەت یاریدەرێکی دەبێت بە هەمان مەرجی بەرێوەبەر وەیان هەڵگری بڕوانامەی کەمتر نەبێت لە دبلۆم ، شارەزایی وئەزموونی لەم بوارە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت ، بەشێك لەکارەکانی بەرێوەبەر لەئەستۆ دەگرێت و لەکاتی ئامادەنەبوونی بەرێوەبەر شوێنی دەگرێتەوە .

**ماددەی (١١):**

دەوامی پەیمانگای تایبەت لەلایەن خودی پەیمانگاکە دیاری دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەرێوەبەرایەتیەکان بە مەرجێك نابێت بۆ پەیمانگا کاتییەکان لە دەوامی فەرمی کەمتر بێت .

**ماددەی (١٢):**

سەرجەم کارمەندانی پەیمانگای تایبەت لە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ، دەستەبەرییان بۆ دەکرێت .

**ماددەی (١٣): سزای سەرپێچییەکان :**

**یەکەم:** سەرپێچی کردنی حوکمەکانی هاتوو لەم رێنماییە ویاسا ورێنماییەکانی پەیوەندیدار لەلایەن پەیمانگای تایبەتی مۆڵەتدراو ، ئاگاداردەکرێت بە لادانی سەرپێچییەکانی لە ماوەی (٧) رۆژدا .

**دووەم:** لەکاتی بەردەوام بوونی سەرپێچی لەدوای ماوەی دیاری کراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ، سزای هۆشداری ئاراستە دەکرێت کە لە ماوەی (١٥) رۆژدا سەرپێچیەکانی لابدات .

**سێیەم:** بە تێپەربوونی ماوەی دیاری کراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە وبەردەوام بوونی لە سەرپێچیەکانی ، وەیان ئەنجام دانی سێ جار سەرپێچی دوای ئاگادارکردنەوە وە تێپەربوونی ماوەکەی ، وە بەپێی راپۆرتی لیژنەی هونەری ، مۆڵەتەکەی لێ دەسێندرێتەوە.

**چوارەم:** خاوەن پەیمانگای تایبەتی مۆڵەت لێسەندراو ، بۆی نیە داوای مۆڵەتی نوێ بکات تەنها بە تێپەربوونی دوو ساڵ بە سەر ماوەی مۆڵەت لێسەندنەکەی.

**ماددەی (١٤):**

خاوەن پەیمانگای تایبەت بۆی هەیە تانە لە بڕیاری لێسەندنەوەی مۆلەتەکەی بدات لە ماوەی یاساییدا ، وە لەکاتی رەتکردنەوەی ، بۆی هەیە تانە لە بڕیارەکە بدات لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

**ماددەی (١٥):**

وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە لە رێگای لیژنەکانی تەندروستی،پشکنین وچاودێری لایەنی تەندروستی پەیمانگاکانی تایبەت بکات .

**ماددەی (١٦):**

رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بەمۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری راهێنان وشیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت ، هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (١٧):**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەرێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٢٣٤٩٤ لە ٢٠٢٣/١١/٧**

پاڵپشت بە ماددەی(حەوتەم)لەیاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارەی (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی کارکردنی کارمەندانی تەندروستی بیانی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١) پێناسەکان :**

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- وەزارەت : وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان

٣- بەڕێوەبەرایەتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان

**ماددەی (٢):**

١- پێویستە بۆ کارکردنی کارمەندانی بیانی لە دامودەزگا تەندروستیەکانی کەرتی تایبەت یەکسانکردنی بڕوانامەیان بۆ کرابێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی .

٢- ئەو بڕوانامانەی کە لەسەر بنەمای خول وەرگیراون کاریان پێ ناکرێت .

٣- دەبێت بەلایەنی کەم پێنج ساڵ خزمەتی لە وولاتی خۆی ولەبواری کاری خۆی هەبێت بۆ گشت پسپۆرییەکان و پلە زانستیەکان .

٤- پێویستە لەکاتی وەرگرتنی (ڤیزە) بۆ کارمەندانی تەندروستی بیانی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی وەربگێریت .

٥- مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە مەرج بۆ کارکردنی کارمەندانی بیانی .

٦- هەر کارمەندێکی تەندروستی بیانی کە داواکاری مۆڵەت پێشکەش دەکات پێویستە ئەم کارمەندە لەلایەن لیژنەیەکی زانستی وەزارەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بڕیار لەسەر پێدانی مۆڵەتەکەی بدات .

**ماددەی (٣):**

کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت

**ماددەی (٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**